# له هەولێر باوكێک دەستدرێژی سێكسی دەكاتەسەر كچەكەی !

دوێنێ سەرچاوەیەک له هەولێر پێیڕاگەیانەین : له یەكێک له گەرەكەكانی شاری هەولێر شەوی 18-2007/7/19 باوكێک دەستدرێژی دەكاتە سەر كچی ژنەكەی (زڕكچەكەی)؛ كاتێک كچەكەی له سەربانی ماڵەوە خەریكی خوێندنەوە دەبێ باوكەكه دەچێتە سەربان و پەلاماری دەدات و كچەكەش هاواری لێهەڵدەستێت .. كاتێک دایكەكەی بەوە دەزانێ پەنا بۆ ماڵی باوكی دەبا كه دراوسێیان دەبێ .. خاڵی كچەكه هێرشدەبا و مێردی خوشكەكەی خۆی دەكوژێ.

ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كه ماڵی پیاوە كوژراوەكه بۆ تۆڵەسەندنەوەی كوڕەكەیان دوای چەند كاتژمێریک كچەكەو دایكی و خاڵی بكوژن و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كه ئیتر ئەو دوو بنەماڵەیە ببن بە دوژمن .

دیارە تائێستا دەسەڵات نەک هەر نەیتوانیووە هۆكارەكانی ڕوودانی ئەوجۆرە تاوانانە – لاوازیی‌ئاسایش و گەندەڵیی و برسییێتیی و باڵادەستیی‌پیاوسالاریی‌و خورافەو دابونەریت و نێوەرۆكوهەڵسوكەوتی كۆنەپەرستانەی دینیی و...هتد - لەنێو ببا و تاوانەكان كەمتر بكاتەوە بەڵكە تا دێ زیاتر دەبن و مرۆڤەكان بە تایبەتییش ژنان وەک كاڵاییێک مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێ.. یاساكانیش تا ئێستا نەک هەر نەیتوانیووە بەر بەو تاوانانە بگرن بەڵكە - جگەلەوەی بە شێوەیەكی گشتیی یاساگەلێكی دواكەوتوو و شایستە بە مرۆڤ نین و لایەنە گەشەكانیشیان جێبەجێ ناكرێن - زۆربەی كات بە پێچەوانەوە بۆ سەركوتكردن و پێشێلكردنی ماف و ئازادییەكان بەكاردێن و له باشترین باریشدا دەرگا دەخەنە سەرپشت بۆ سەكردە بودەڵەكان تا ڕێكخراوە بەنێو دیموكراسیی و جەماوەرییەكان و دەزگا كۆمەڵایەتییە خێڵەكییەكانی پارتی و یەكێتیی و كەسایەتییە دەوڵەمەند و كۆنەجاش و سەرەکخێل و ئاخوند و ناوەندە ئاینییەكان ڕاسپێرن چارەسەری كێشەكان بكەن و وەک زەمانی قۆچپە ( سوڵح و مەسلەتیی) له نێوان لایەنەكانی كێشەی لەو بابەتانەی سەرەوە بكەن ، ئەمە ڕاست وەک پەندە كوردیەكەی خۆمانە كه دەڵێ : ( بەز بە كتكی دەسپێری!) ئاخر چۆن دەكرێ بۆ چارەسەركردنی كێشەی توندوتیژیی و ڕەشەكوژیی ژنان پەنا بۆ (پیاوان!)ی دینێک ببردرێ كه تا سەر ئێسقان له هەردوو ڕووی كردار و گفتار دژ بە ماف و ئازادییە سەرەتاییەكانی ژنانە و تەنانەت دژ بە خودی هەبوونی ژنیشە وەک كەس یان مرۆڤێكی تەواو ! بەڵام ڕەنگە ئەو دەسەڵاتە داهێنەرەی ئێمە هەر له سەركردەكانەوە تا دەگاتە تاک بە تاكی بنكردەكان

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەردەوام بە داهێنان فێربن و هێشتا ئێمەی جەماوەری نەزان و نەخوێندەوار سەرمان لە زانایی و دانایی و زیرەکیی و هونەر و تاکتیک و هزر و فەلسەفەی ئەوان دەرنەچێ و لەوانەیە پاش چەندین دەیەیتر ئەنجا بیرمەندانی جیهان هەست بە بەرزیی داهێنانەکانیان بکەن و بیانخەنە نێو بەرنامەی خوێندنی باڵا و زانکۆیە هەرە بەرزەکانی جیهان و ئەنجا ئەوکات نەوەکانی ئێمە بەها و پایەبەرزیی ئەوانیان بۆ دەربکەوێ.. دیارە ئەوە هەر وابووە و هەروا دەبێ زانا و داهێنەران هەرگیز لە نێو تەمەنی خۆیاندا ئۆخەیان لەژیانی خۆیان نەکردووە و بەردەوام خەڵکی نەزان دژیان وەستان و هەندێک جار لەنێویان بردوون یان شاربەدەریان کردوون .. بۆیە هەروەک دەبینین ئەوانەی خۆمان سەربەرزانە گوێیان نەداوەتێ و وەک پەروانە بۆ بەدەستهێنانی ڕۆناکیی لە ئاگریش ناگەڕێنەوە تا هەڵنەکرۆزێن و لەتەقەلۆ نێنە دەرەوە وازناهێنن .

بژی ئەو سەرکردانەی  بێ گوێدانە یاسا و  هەر بە فیتەیەک
خەڵک لەخۆیان کۆدەکەنەوەو داهێنانەکانیان پێرادەسپێرن و
لە جیاتییاساکانو لەسەررووییاساکانو بەزەقەیچاوییاساکان
کێشە هەرەگرنگەکانی نیشتمانیلەدڵاشیرنو نەتەوەی قارەمانو
جەماوەری پڕپڕخۆشەویست لەیەک چاوترووکان چارەسەردەکەن.
بژی ی ی ی ی ی ی ی ی ..... با ا ا ا ا ا ا ا ا ا

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image